## وەرزی 2016

### ناوچەی B (Aline Tenu)

لە ناوچەی B، هەڵکۆڵین لە بینا گەورەکان بەردەوام بووە. لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە لە ڕێگەی ڕێگایەکی گۆڕدراوەوە دەگەیشتە ئەوێ کە دەچووە سەر ئەرزێکی یەکپارچەیی. ئەمەش کرایەوە بۆ بەشێکی گەورە ( ژوور یا بەشێکی تری بیناسازی). مرۆڤ دەتوانێت وادابنێت کە ژوورە بچووکەکە کەمتر لە ١٠ م٢ بێت کە دەکەوێتە باشوور، دەتوانێت ئەو پاسەوانە لەخۆبگرێت کە کۆنترۆڵی چوونە ژوورەوەی بۆ بیناکە دەکرد. دوو بەشی دیکە کە پەیوەندییان لەگەڵ دەرگای چوونە ژوورەوەدا نییە، بەشێکیان هەڵکۆڵینیان بۆ کراوە. دوو بەشی ناوەوەی دەرگای بوونە بووەتە هۆی ئەوەی دوو بەشی دیکە درووستبکات هێشتا کارەکان تێدا تەواو نەکراوە. ئەم بینایە پاشماوەی کەمی تیدا دۆزراوەتەوە، ئەگەر هەشبێت، گۆزەی گەورەی کە مەبەست لێی هەڵگرتنی خۆراک بووە، بەڵام بڕێکی زۆر لە گڵێنەی خاوێن و بە تایبەتی بڕێکی زۆر لە دەفری بچووکی ڕێکخراوە، کە بە دڵنیاییەوە پەیوەست بوون بە پراکتیزەکانی وەرگرتن و خزمەتکردن. دۆزینەوەی قاڵب بۆ دروستکردنی شتومەکی لە مس بەڵگەی ئەوە بدەن بەدەستەوە لە سەر بوونی کاری دەستی کانزاسازی لە ناو چەرگەی یان لە دەوروبەری بیناکەدا. ئێمە هێشتا هیچ شتێک لەبارەی سەرچاوە و بەرهەمهێنانی کەرەستەی برۆنزی لە ناوچەکەدا نازانین، بەڵام دەتوانرێت گریمانە بکرێت کە لەلایەن دەسەڵاتەوە بە توندی کۆنترۆڵکرابن. ڕەنگە ئەمە ئاماژەیەک بێت کە ئەم بینایە کە بە ئاسانی دەتوانرا چاودێری دەرگای چوونە ژوورەوەی تێدا کرابێت، (بەرپرسێکی گەورە یا دەسەڵاتدارێکی) تێدابووە، هەر نازناوێک و ڕادەی دەسەڵاتەکەی هەرچییەک بێت لە ناو شارەکە بووە.

### ناوچەی C (David Sarmiento-Castillo)

لە ناوچەی C، هەڵکۆڵینی لە جەرگەی ئەم ناوچەدا بەردەوام بوو. ئەم کارە زۆر درێژەی خایاند بەهۆی زۆری پارچە گڵێنەوە کە ئەرزەکان و تابلیتەکانی داپۆشیبوو. لە باکوورەوە پلانی دوو بیناکە تەواو بووە و ئەرزەکان هەڵکۆڵینیان بۆ کراوە، لە ئەنجامدا شوێنەواری پاشماوەی هێڵی بازنەیی سووتاو دەرکەوتووە کە لە شوێنەواری چاڵی ئاگردان دەچێت. پاشماوەی شوینەواری ناوچەی C دوو بەشی کراوەی جیاواز نیشان دەدات کە

پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە: لە لایەکی بەشێکیانەوە کە گۆزەی کۆگاکردن و بینایەکانی بەشی باکور زۆرینەبوون.

زۆر پارچە گڵێنە دۆزرانەوە کە بە نەخشی ئاژەڵی وەک (دووپشک، مار، بەرخ) وە بە نەخشی ئەندازەیی ڕازێنراونەتەوە. شیکاری ئەم کۆمەڵە گڵێنەیە لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە، بەڵام بوونی ئەم پارچە گڵێنە نەخشێنراوانە و بە شێوەیەکی گشتی دەتوانێت ئاماژە بەوە بکات کە ئەم بینایە میوانداری چالاکییەکانی پەرستن یان ڕێوڕەسمی کردووە. ئەم گریمانەیە بە دۆزینەوەی پێکهاتەی بیناسازی ئاگردان پشتراستکراوەتەوە کە ئەمساڵ دۆزراونەتەوە.

### ناوچەی E (Florine Marchand)

لە هەڵکۆڵینەکەی ساڵی ٢٠١٦دا دەرکەوتووە کە ئەو ڕێکخستنە بەردانەی لە ساڵی ٢٠١٥دا دۆزراونەتەوە، لە ڕاستیدا پلانی خانوویەکی بچووکی سێ ژووری بووە کە بەستراوەتەوە بە ڕووبەری ڕۆژهەڵاتی بینایە گەورەکەوە. ئەم یەکە ناوخۆییە ٣٠ م٢ی داپۆشیبوو و لە سێ لاوە بە بەش دەرەکی دەورە دراوە. بە دوو بەربەست لە دیوارەکانی باکوور و باشووریدا دەگەیە ناویەوە. ژووری باکوور بەرەو ژووری سێیەم کراوەتەوە کە پیشەکەی دیاری نەکراوە و قەبارەکەی کەمتر لە ٣ م٢ بووە. ئەو پاشماوە گڵێنەییەی کە لە ماڵەکەدا دۆزراوەتەوە زۆر جۆراوجۆرە: گۆزەی کۆگاکردن، ژێرمەنجەڵ، قاپی بچووکی شان تیژ (کارێنێ). ئاماژە بەوەدەکات کە بۆ کۆتایی هەزارەی سێیەمدا بگەرێتەوە.

### نووسینگەی ئارد فرۆشی

نزیکەی چل تابلێتی نووسینی مێخی و پارچە لە وەرزەکانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ لە ناوچەی C دۆزرایەوە. خوێندنەوەکانی سەرەتایی تابلێتە مێخیەکان دەریدەخەن کە بەڵگەنامەی کارگێڕین کە هاتنە ژوورەوە و دەرچوونی جۆرە جیاوازەکانی ئاردی تۆمار کردووە : جۆ، گەنمی ئیمەر، گەنم و ڕەنگە قەلەخەرمان، کە شایەدی هەمەچەشنی و دەوڵەمەندی زەوییە کشتوکاڵییەکانی دەوروبەری کونەرا دەدەن. لە نووسارووەکاندا شەش یان حەوت ناوی ناوچەکانی دەوروبەری کونارا تا ئێستا پشتراستکراونەتەوە هەروەها هەندێک ناوی چەند کەسایەتیەکش بە هەمان شێوە پشتراستکراوەتەوە. تابلێتەکان بە زمانی ئەکەدی نووسراون کە کاریگەریی کولتوورییان لە ناوچەکەدا بە باشی ناسراوە. بەو پێیەی ناوە ڕاستەقینەکان ئەکەدی نین، نازانرێت لە کۆتایی هەزارەی سێیەمدا لە کونەرا بە چ زمانێک قسەی کردووە.